# شیكرنەوەیەكی جوگرافی بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی كارەبا وبەكارهێنانی لەبواری پیشەسازی لە قەزای ناوەندی هەولێر (لێكۆڵینەوەك لەجوگرافیای ووزە)

(PP 224 - 239)

**ID No. 1666**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.5.15

**یادگادر خدر رشید**

كۆلێژی ئەدەبیات – بەشی جوگرافیا/زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر

yadgar.rshed@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2017/09/18**

**پەسندكردن : 2018/07/31**

**بڵاوكردنەوە : 2018/11/01**

**پوختە**

ئەم بابەتە بریتییە لە شیكرنەوەیەكی جوگرافی بۆ بەرهەم هێنان و بەكارهێنانی ووزەی كارەبا لەبواری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر، تیایدا باس لە بارودۆخی بەرهەم هێنان و بەكارهێنانی ووزەی كارەبا لەبواری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر لەماوەی نێوان ساڵانی(2012 - 2016) كراوە ، دواتر هاوسەنگ كردنی بڕی هەر یەك لە وەبەرهێنانی ووزەی كارەبا و بەكارهێنانی لەبواری پیشەسازی لەناوچەی لێكۆلینەوە خراوەتە ڕوو. ئەمەش بەهۆی ئەوەی كە ووزەی كارەبا وەك یەكێك لەسەرچاوە گرنگ وسەرەكیەكان كە كەڵك وسوودێكی زۆر بە پرۆسەی پێشكەوتن وپەرەپێدانی كەرتە ئابووریەكان بەگشتی وكەرتی پیشەسازی دەگەیەنێت كە لەسایەوە پلانی پەرەپێدانی ئابووری وكۆمەڵایەتی بەئاستێكی بەرز جێ بەجێ دەكرێت. سەرەڕای ئەوەی كەرتی پیشەسازی بەیەكێك لە كەرتە ئابوورییە گرنگەكان هەژمار دەكرێت ، جگە لەوەی كە كاریگەری لەسەر بەرەو پێش بردنی چالاكیە ئابووریەكان و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی دانیشتواندا هەیە.

ئەم لێكۆلینەوەیە بەگشتی پێكهاتووە لە پێشەكیەك و سێ تەوەر. تەوەری یەكەم باس لە بارودۆخی بەرهەم هێنانی ووزەی كارەبا لەبواری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر دەكات ، لە تەوەری دووەمدا تیشك خراوەتە سەر بڕی بەكارهێنانی ووزەی كارەبا لەبواری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر ، تەوەری سێیەم تەرخانراوە بۆ هاوسەنگ كردن لە نێوان بڕی بەرهەم هێنانی ووزەی كارەبا و بەكارهێنانی ووزەی كارەبا لەبواری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر.

## پێشەكی

ووزەی كارەبا یەكێكە لەو كۆڵەكە سەرەكیانەی كە ڕاستەوخۆ كاردەكاتە سەر چالاكیە ئابووریەكان بەگشتی و كەرتی پیشەسازی بەتایبەتی ، جگە لەوەی ووزەی كارەبا یەكێكە لەووزانەی كە كاریگەری ئەرێنی دەكاتە سەر ئابووری نیشتمانی، سەرەڕای ئەوەی كە ڕۆڵی بەرچاوی لەپرۆسەی پەرەپێدان و هەڵكشانی ئاستی ئابووری و بەرزكردنەوەی ئاستی شارستانی كۆمەڵگەدا هەیە ، ئەمانەش لەئەنجامی فراوان بوونی بڕی خواستە لەبەكارهێنانیدا كە وەك پێداویستیەكی ناوازە لەبواری ئابووری و بەستنەوەی بەجولەی پێشكەوتنی ئاستی زانستی لەپرۆسەی بەرهەم هێناندا ، سەرباری فەراهەمكردنی خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوان لەڕێگەی بەكارهێنانی ئەم ووزەیە لە پڕكردنەوەی پێداویستی وخزمەتگوزرایەكان لە بوارەكانی تەندروستی و ئابووری و فێركردن وئاسایش بەگشتی وبواری پیشەسازی بەتایبەتی

**گرنگی توێژینەوەكە:.** ووزەی كارەبا یەكێكە لەم سەرچاوانەی كە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕۆڵی كاریگەری هەیە لەبەگەرخستنی ئامێرەكان بەتایبەتی لەبواری پیشەسازی دا ، ئەم ووزەیە بەهۆی چەندین خەسڵەتی باشی لەكاتی ئیستا لەزۆربەی ووڵاتانی جیهاندا بایەخێكی زۆری پێدەدرێت. ووزەی كارەبا لەناوچەی لێكۆلینەوە سەرچاوەی یەكەمە لە زۆر ئەو پیشەسازیانەی كەتوێژینەوەی لەسەركراوە هەر بۆیە دەستەبەركردن و بەرهەم هێنانی بەشێوەیەكی گونجاو ڕەنگدانەوەی لەسەر پێشكەوتنی كەرتی پیشەسازی دەبێت , لەبەرامبەریش

دا هەر کەمر کـورتیەك لەبەرهەمر هێنـانی و بەکـاربردنی ڕەنگـدانەوەی نەرێنـی دەبێـت ، هەر بـۆیە وا پێویسـت دەکـات بـایەخ بەمر سەرچاوەی ووزەیە بدرێت لەسێکتەری پیشەسازی لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

**کێشەی توێژینەوە:.** بوونی جیاوازی و ناهاوسەنگی لە بڕی ووزەی کارەبای بەرهەمهێنراو و بەکارهێنراو لەبـواری پیشەسـازی لەقەزای ناوەندی هەولێر , ئەمەش تارادەیەك کاریگەری دروست کردووە لەسەر بری بەرهەمی کارگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.


**ئامانج لەمر توێژینەوە:.** بەدیارخستنی بڕی ووزەی کارەبای بەرهەمر هاتوو و بەکارهێنراو لەبواری پیشەسازی لەناوچەی لێکۆڵینەوە .

**لە توێژینەوەکەمانـدا میتـۆدی**(شـیکاری و بەراودکـاری) پەیـرەو کـراوە ، ئەمر میتـۆدەش بـۆ شـیکرنەوەی داتاکـان بەڕێگـای ئامـار جیبەجێکراوە، ئەمەش لەپێناو بەدواداچوونی وورد بۆ بەدیارخسـتنی بـڕی بەرهەمر هێنـان و بەکارهێنـانی ووزەی کارەبـا بەکارهـاتووە ، دواتر پیشان دانی ناهاوسەنگی نێوانیان لەکەرتی پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر و گەیشتن بە چەند دەرئەنجامێکی دروست .

**کۆسپ و ئاستەنگەکانی ئەو توێژینەوەیە:.** هەرچەندە ئەمر بابەتە پێویسـتی بەداتـا و سـەرچاوەی تـایبەت بە ووزەی کارەبـا لەبـواری پیشەسازی لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا هەیە ، کەچی زانیـاری و داتـای دروسـت لەسـەر بـڕی بەرهەمر هێنـان وبەکارهێنـانی ووزەی کارەبـا لەبواری پیشەسازی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەڕێژەیەکی کەمر و بەشێوەیەکی پەرش وبڵاو بوو لەڕێگای بەشێك لە داتاکانی وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و بەدەست کەوتوون .

**پلانی توێژینەوە**:. بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەك و سێ تەوەر
تەوەری یەکەمر: تەرخانکراوە بۆ بارودۆخی بەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا لەبواری پیشەسـازی لەقەزای ناوەنـدی هەولێـر، تیایـدا بـاس لەسـەرەتای بەرهەمر هێنـانی ووزەی کارەبـا لەبـواری پیشەسـازی لەنـاوچەی لێکـۆڵینەوە کـراوە. پاشـان تیشـك خـراوەتە سـەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەبـڕی بەرهەمر هێنـانی ووزەی کارەبـا لەنـاوچەی لێکـۆڵینەوە لەمـاوەی نێـوان سـاڵانی 2012– 2016 ڕوویانـداوە. لە تەوەری دووەمـدا بـڕی بەکارهێنـانی ووزەی کارەبـا لەبـواری پیشەسـازی لەقەزای ناوەنـدی هەولێـر بەداتـا خـراوەتە ڕوو ، پاشـان شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ هۆکاری کەمر بوون و زیـادبوونی بەکارهێنـانی ووزەی کارەبـا لەبـواری پیشەسـازی لەنـاوچەی لێکـۆڵینەوە کراوە، تەوەری سێیەمر تایبەت کراوە بۆ باسکردنی هاوسەنگی نێـوان بـڕی بەرهەمر هێنـانی ووزەی کارەبـا و بەکارهێنـانی ووزەی کارەبـا لەبواری پیشەسازی لەناوچەی لێکۆڵینەوە، کۆتایی دا توێژینەوەکەمان گەیشتن بە چەند دەرئەنجامێك و سێ پـوختە بەزمـانی کـوردی و عەرەبی و ئینگلیزی .
**نـاوچەی لێکـۆڵینەوە:.** قەزای ناوەنـدی هەولێـر یەکـێکە لەقەزاکـانی پارێزگـای هەولێـر, دەکەوێـتە ناوەراسـتی پارێزگـاکە, لەرووی جوگرافییەوە لەبەشی باشووری ڕۆژهەڵات هاوسنورە لەگەل قەزای دەشـتی هەولێـر , لەباشـوور هاوسـنوورە لەگەل قەزای مەخمـوور, هەروەها لەڕۆژئاوا هاوسنورە لەگەل قەزای خەبات , لەبەشی باکوور قەزای ناوبراو لەگەل قەزای شەقلاوە و قەزای خەبات هاوسنوورە. وە لە رووی شوێنی فەلەکییەوە, ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی(15ˉ : 36˚ 0ˉ : 36˚) باکوور, هێڵی درێژی (45ˉ : 44 - 0ˉ : 43˚) رۆژهەڵات , نەخشەی(1). رووبەری قەزاکە(1131)کم$^2$ بەمەش(7.6%) ڕووبەری پارێزگای هەولێر پێکهیناوە. لەرووی کـاگێریەوە لە چوار ناحییەی سەرەکی پێك دێت(سەنتەر , عەنکاوە , بەحرکە , شەمامك) نەخشەی(1). ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەنـدی هەولێـر بـۆ سـالی 2015.دەگـاتە(930389)کەس, بەمەش(46.3%)کـۆی دانیشـتوانی پارێزگـای هەولێـر پێـك دێنێت.(دەسـتەی ئامـاری هەرێـم ،2015،بڵاوکراوە).

**نەخشەی(1) شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، بەشی GIS .

**تەوەری یەکەم : بارودۆخی بەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا لەقەزای ناوەندی هەولێر**

ووزەی کارەبا یەکێکە لەپەیکەر بەندیە سەرەکیەکان بۆ کاراکردنی چالاکیەکانی بەرهەممهێنان لەکەرتە ئابووریەکان بەگشتی و کەرتی پیشەسازی بەتایبەتی(عبدالعزیز,1980، ص22). جگە لەوەش ووزەی کارەبا بەیەکێك لەپێداویستیە گرنگەکان دادەنرێت بۆ پڕکردنەوە و ڕایکردنی کاروباری ڕۆژانەی دانیشتوان لەگشت سێکتەرەکان بەتایبەتی(ماڵان و کەرتی کشتوکاڵی وکەرتی پیشەسازی وکەرتی بازرگانی و دامر ودەزگاکانی میری)(أبراهیم،1982،ص27) .

بەشی هەرە زۆری توێژەران ووزەی کارەبا بەبنەمایەکی سەرەکی دادەنێن لە بەرەو پێش بردنی ووڵات لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانی و بوارەکانی تر(هێثم،2009،ص124) ، هەموو ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنانەی دانیشتوان وابەستەیە بە بەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا لەڕێگەی وێستگە جۆرا و جۆرەکانەوە کەئەمەش خۆی لە وێستگەکانی کارۆئاوی و کارۆگەرمی و هێزی با و تیشکی خۆر و ویستگە ناوەکیەکان دەبینێتەوە(محمد، عباس، 2012، ص41).

سەبارەت بە بارودۆخی بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و قەزای ناوەندی هەولێر بەتایبەتی تا ساڵی 2000 لەبارودۆخێکی خراپ گوزەری دەکرد ولەئاستێکی دواکەوتوو دابوو، ئەمەش بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەتی ناوەندی بۆ ناوچەکانی کوردستان لەگشت بوارەکاندا بووە ، لەو کاتەدا ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ دابین کردن وبەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا پشتی بەسەرچاوەی ئاو بەستبوو کە بریتی بووە لەبەنداوی دوکان ودەربەندی خان هەر چەندە ساڵی 2001 حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەی بەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبای لەوێستگەی 29 میگاواتی دامەزراند بوو لەناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەمەش وای کرد کە حکومەت جگە لە دابین کردنی کارەبا بەڕێگەی کارۆئاوی پەنا ببات بۆ دابین کردن و وەبەرهێنانی ووزەی کارەبا لەڕێگەی کارۆگەرمی ، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاوی بەنداوی دوکان ودەربەندیخان لە 2001 ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ بەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا بۆ سێکتەرەکان بەگشتی وسێکتەری پیشەسازی بەتایبەتی تەنها پشتی بە وێستگەی 29 مێگاواتی بەست کە ئەمر وێستگەیەش توانای بەرهەمر هێنانی(25)مێگاوات کارەبای هەبوو(چاوپێکەوتن لەگەل محمد عبدالله فرج،2017). بەڵام دوا بەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی 2003 و هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابووری ، وکرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی وەبەرهێنەرە ناوەخۆی و بیانیەکان ، سێکتەری کارەبا وەك گشت سێکتەرەکانی تر بوژاندنەوەی باشی بەخۆیەوە بینیووە ، هەر لە(2005–2011) ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و قەزای ناوەندی هەولێر بەتایبەتی لەڕووی ئابووری پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینووە وئاستی داهاتی نەتەوەی و داهاتی تاکەکەس بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد. کاتێك تێبینی دەکەین ئاستی داهاتی نەتەوەیی تاکە کەس لە($232) بۆ سالی 2005 بەرزبووە بۆ($500) بۆسالی2013 (.www.albabelyia.net).

بەمەش کەرتە ئابووریەکان بەگشتی وکەرتی پیشەسازی بەتایبەتی پەرەسەندێکی دینامیکی خێرایی بەخۆیەوە بینیووە ، بەمر هۆیەوەش بڕی خواست لەسەر ووزەی کارەبا لەقەزای ناوەندی هەولێر بەئاستێکی بەرز زیادی کردووە،هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو دابین کردنی بڕی ووزەی کارەبای پێویست بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەگشتی وناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی بۆ گشت سێکتەرەکانی ژیان بیریان لەبەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا لەڕێگەی تر کردەوە لەوانە ڕێگەی بەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا بەهۆی سەرچاوەی سووتەمەنی بەگشتی و غاز بەتایبەتی ، هەر لەمر ڕوانگەوە حکومەت بەهەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت وێستگەی بەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا لەڕێگەی غازی لەباشووری پارێزگای هەولێر بەدووری 22کمر لە قەزای ناوەندی هەولێر دامەزراند ولەساڵی 2007 کەوتە بواری جێبەجێکردن(عبدالله جلال،2016،ل42). ئەمر وێستگەیە لە هەشت یەکەی بەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا بەهۆی سەرچاوەی غازەوە پێکهاتووە ، کە توانای بەرهەمر هێنانی(1000) مێگاوات ووزەی کارەبای هەبوو، شایانی ووتنە چوار یەکەی یەکەمر لەساڵی 2008 تەواو بوو کەوتە کارکردن و چوار یەکەکەی تریش لە ساڵی2011 کەوتنە کارکردن(حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کارەبا،2017، داتا و زانیاری بڵاونەکراوە). بەمر هەنگاوەی حکومەت بڕی بەرهەمر هێنانی ووزەی کارەبا بەڕێژەکی بەرچاوی زیادی کرد، لەهەمان کاتدا بڕی خواست بۆ بەکارهێنانی ووزەی کارەبا لەلایەن دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەش زیادی کرد،هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان لەساڵی 2005 ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی هەولێر(753784)کەس بوو ، بەڵام لە ساڵی 2011 ئەو ژمارەیە هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیووە و گەیشتۆتە(835794)کەس , تێکرایی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان نێوان ئەمر دوو ساڵە بریتیە لە(9.8%) (حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلان دانان،2017، داتا وزانیاری بڵاوکراوە).

یەکێکی تر لەهۆکاری زیاد بوونی خواست لەسەر بەکارهێنانی ووزەی کارەبا بریتی بوو لە زیاد بوونی ژمارەی کارگە پیشەسازیەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە ، بۆ نموونە لەساڵی 2005 ژمارەی کارگە پیشەسازییەکان لە قەزای ناوەندی هەولێر بریتی بوو لە(625) کارگە

بەڵام لەساڵی 2011 ئەم ڕێژەیە هەڵكشانی زۆری بەخۆیەوە بینیووە و گەیشتۆتە(912) كارگە تێكرایی ڕێژەی گەشەی نێوان ئەم دوو ساڵە بریتیە لە(31.5%) (حكومەتی هەرێمی كوردستان ، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی،2017، داتا وزانیاری بڵاونەكراوە).
سەرەڕای ئەمەش هەر یەك لەفاكتەرەكانی تر لەوانە بەرزبوونەوەی ئاستی داهات و هۆیەكانی خۆشگوزەرانی و كەلوپەلە خزمەتگوزاریەكان و زیادبوونی خواستی دانیشتوان لەسەر ئامێر و دەزگا كارەبایە تازە و پێشكەوتووەكان كاریگەری زۆر یان لەسەر زیادبوونی بڕی بەكارهێنانی ووزەی كارەبا دا هەبوو(چاوپێكەوتن لەگەڵ علی اسماعیل،2017) .
هەڵبەت ئەمەش وایكرد كە بڕی بەرهەمهێنانی ووزەی كارەبا زیاد بكرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بڕەی كە خواستی لەسەرە دابین بكرێت ، كاتێك تێبینی خشتەی ژمارە(1) ،(2) دەكەین ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەكەوێت ، ووزەی كارەبای بەرهەمهێنراو لەساڵی 2012 بریتی بووە لە(1035000) كیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێكتەرەكانی ناوچەی لێكۆلینەوە لەو بڕەدا پشكی سێكتەری پیشەسازی بریتی بووە لە(75000) كیلۆ وات/سەعات ، بەمەش(7.3%) ووزەی كارەبای بەرهەمهێنراو تایبەت كراوە بە(1370) كارگەی پیشەسازی وە ڕێژەی گەشەی بۆ ئەم سالە(21%) لە قەزای ناوەندی هەولێر ، دوای ئەوە حكومەت بیری لەزیادكردنی بڕی بەرهەمهێنانی ووزەی كارەبا كردەوە ، هەر بۆیە لەم پێناوەدا بڕیاری دامەزراندنی دوو یەكەی بەرهەمهێنانی ووزەی كارەبای بەرێگەی هەڵمین لەسەر وێستگەی غازی هەولێر دا ، كە توانای بەرهەمهێنانی(640) مێگاوات كارەبای هەبوو (ویستگەی كارەبای غازی هەولێر، بەشی كارگێری، داتای بلاونەكراوە، ساڵی 2017) . یەكێك لەم یەكانە لە ساڵی 2013 كەوتە كار، بەم هەنگاوەش بڕی بەرهەمهێنانی ووزەی كارەبا زیاد بوو بڕەكەی گەیشتە(3115000) كیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێكتەرەكانی ناوچەی لێكۆلینەوە لەو بڕەدا پشكی تەرخانكراو بۆ سێكتەری پیشەسازی بریتی بووە لە(95000)كیلۆ وات/سەعات .
دوابەدوای ئەمە لەساڵی 2013 خواست لەسەر بەكارهێنانی ووزەی كارەبا بەڕێژەیەكی زۆر زیادی كرد، بەڵام بەرهەمهێنانی ووزەی كارەبا هەڵكشان وداكشانی بەخۆیەوە بینیووە ، هۆكاری هەڵكشانی بەكارهێنانی ووزەی كارەباش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو هۆكارانە كە پێشتر باسمان كرد ، لەوانە زیاد بوونی داهاتی تاكەكەس و هەنگاو نانی دانیشتوان بۆ خۆشگوزەرانی زیاتر لەڕێگەی بەكارهێنانی ئامێر و كەل وپەلی كارەبای پێشكەوتوو و سەردەمیانە، هەروەها زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان. جگە لەمانە گەشەكردن و زیاد بوونی ژمارەی كارگە پیشەسازیەكان بەشێواز وكوالێتی پێشكەوتوو لە قەزای ناوەندی هەولێر ، بەهۆی ئەم فاكتەرانە وچەند فاكتەرێكی تر خواست لەسەر بڕی بەكارهێنانی ووزەی كارەبا ساڵ لەدوای ساڵ ڕوو لە هەڵكشان بووە ، هەروەها ژمارەی كارگە پیشەسازیەكان لەساڵی 2013 گەیشتۆتە(1511) كارگە وە ڕێژەی گەشەی بریتی بوو لە(9.3%) ، و بڕی ڕێژەی ووزەی تەرخان كراو بۆ سێكتەری پیشەسازی بریتی بوو لە(3.1%) لەكۆی سێكتەرەكانی ناوچەی لێكۆلینەوە ، لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە ژمارەی كارگە پیشەسازیەكان لە قەزای ناوەندی هەولێر زیادی كردووە ، هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرەو پێشچوونەی ئاستی ئابووری و سەقامگیری سیاسی ناوچەی لێكۆلینەوە وای كردووە كە وەبەرهێنەرانی ناوەخۆی وبیانی كاری وەبەرهێنان لەكەرتی پیشەسازی لەناوچەی لێكۆلینەوە ئەنجام بدەن.
بەڵام بڕی بەرهەمهێنانی ووزەی كارەبا بۆ ساڵی 2014 ڕووی لەداكشان كردووە و گەیشتۆتە(1005000) كیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێكتەرەكان لە قەزای ناوەندی هەولێر ، بڕی ووزەی تەرخانكراو بۆ(1850) كارگە كە بەرێژەی (18.3%) لە سێكتەری پیشەسازی بریتی بووە لە(50000) كیلۆ وات/سەعات كەواتە كەرتی پیشەسازی لە(5%) گشت سێكتەرەكانی ناوچەی لێكۆلینەوەی لەخۆگرتووە.

**خشتەی (1) بڕی ووزەی كارەبای بەرهەمهێنراو بۆگشت سێكتەرەكان و سێكتەری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێرلەماوەیی ساڵانی (2012-2016) كیلۆ وات /سەعات**


| ساڵ | بڕی ووزە ی بەرهەم هاتوو بۆ گشت سێكتەرەكان | بڕی ووزە ی بەرهەم هاتوو بۆ سێكتەری پیشەسازی | ڕێژەی ووزەی تەرخانكراو بۆ سیكتەری پیشەسازی% |
|---|---|---|---|
| 2012 | 1035000 | 75000 | 7.3 |
| 2013 | 3115000 | 95000 | 3.1 |
| 2014 | 1005000 | 50000 | 5 |
| 2015 | 729000 | 45000 | 6.2 |
| 2016 | 1275000 | 90000 | 7 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، وەزارەتی کارەبا ، بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی ناوەندی کارەبای هەرێم هەولێر، بەشی پلاندانان ولێکۆلینەوە سالی(2012- 2016) ، داتای بلاونەکراوە.

ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشی ئەوەیە کە بڕی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا لەناوچەی لێکۆلینەوە لەساڵی2014 بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2013 بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ناسەقامگیر بوونی بارودۆخی سیاسی عێراق وکوردستان بەگشتی وناوچەی لێکۆلینەوە بەتایبەتی ئەمەش بەهۆی هێرشی چەکدارانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام بۆ خاکی کوردستان بوو، ئەمەش بووە هۆکاری تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وناوچەکە و کشانەوەی سەرمایەکی زۆر بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و نزمبوونەوەی ئاستی داهاتی نەتەوەی لەلایەك وکەمبوونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەس، بەڵام لەو کاتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە و دەستی کرد بەهەماهەنگی کردن لەگەڵ وەبەرهێنەرانی ناوەخۆی بۆ ئەوەی کاری وەبەرهێنان پەکی نەکەوێت لەم پێناوەدا هاوکاری وئاسانکاریان پێشکەش بە وەبەرهێنەرەکان دەکرد لەوانە ئاسانکاری لەپێدانی مۆلەتی دروست کردنی کارگەی پیشەسازی و کەم کردنەوەی نرخی کرێ ی زەوی لەهەمان کاتدا زۆر کات زەویەکان بەبێ بەرامبەر بە وەبەرهێنەرەکانی کەرتی پیشەسازی دەبەخشرا ، ئەم هەنگاوانەی حکومەت هۆکارێك بوون بۆ زیاد بوونی ژمارەی کارگە پیشەسازیەکان لەناوچەی لێکۆلینەوە(چاوپێکەوتن لەگەڵ جوتیار,2017).

**شێوەی (1) بڕی ووزەی کارەبای بەرهەمهێنراو بۆگشت سێکتەرەکان و سێکتەری پیشەسازی**

**لەقەزای ناوەندی هەولێرلەماوەیی ساڵانی (2012-2016) کیلۆ وات /سەعات**




سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (1)

شایانی باسە هەر لەماوەی ساڵانی 2014 -2015 بڕی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا لەناوچەی لێکۆلینەوە ڕووی لەداکشانەوە کردووە بەئاستێك لە ساڵی 2015 بڕی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا بۆ گشت سێکتەرەکان گەیشتۆتە (729000) کیلۆ وات/سەعات ، بڕی تەرخانکراو بۆ سێکتەری پیشەسازی بریتی بوو لە(45000) کیلۆ وات/سەعات،ژمارەی کارگە پیشەسازیەکان لەم ساڵەدا گەیشتۆتە(1909) کارگە بەڕێژەی گەشەی(3%) یە، بەمەش لە(6.2%) لەکۆی گشتی سێکتەرەکانی قەزای ناوەندی هەولێر تایبەت بوو بە سێکتەری پیشەسازی ، ئەم ڕێژەیە بەبەراورد ساڵانی تر ڕێژەیەکی کەم بووە، کەمیەکەشی بەهۆی کەمبوونەوەی بڕی ووزەی بەرهەم هێنراوەوە بووە، کە ئەمەش لەئەنجامی ناسەقامگیری سیاسی ناوچەکەوە بووە هەروەك لە پێشووتر باسمان لێوە کردووە .


**خشتەی (2) ژمارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی کارگە پیشەسازیەکانی قەزای ناوەندی**

**هەولێرلەماوەیی ساڵانی (2012 -2016)**

| ساڵ | ژمارەی کارگەکانی کەرتی پیشەسازی | ڕێژەی گەشەی سالانەی % |
|---|---|---|
| 2012 | 1370 | 21 |
| 2013 | 1511 | 9.3 |
| 2014 | 1850 | 18.3 |
| 2015 | 1909 | 3 |
| 2016 | 2401 | 20.4 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، وەزارەتی بازرگان و پیشەسازی ، بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەولێر،بەشی پلاندانان سالی(2012- 2016) ، داتای بلاونەکراوە.

**شێوەی(2) ڕێژەیی گەشەی ساڵانەی کارگە پیشەسازیەکانی قەزای ناوەندی هەولێر لەماوەیی ساڵانی(2012- 2016)**




سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (2) .

ڕەوشی سیاسی ناوچەی لێکۆلینەوە تا کۆتای ساڵی 2016 هەربەم شێوەیە بوو کە پێشووتر باسمان کرد بەڵام لەکۆتای 2016 پەیتا پەیتا ڕەوشەکە بەرەو هێور بوونەوەو ئاسایی بوونەوە هەنگاوی نا، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی نا بۆ بەرەو پێشبردنی زیاتری پیشەسازی ووزەی کارەبا وزیاد کردنی بڕی بەرهەم هێنانی ، لەم پێناوەدا هەڵسا بەتەواو کردنی پرۆژەی وێستگەی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا لەناحیەی شەمامکی سەر بەناوچەی لێکۆلینەوەیە ، ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی گەورە بوو بەناوی(وێستکەی خورمەڵە) کە لە شەش یەکەی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا پێکهاتووە و توانای بەرهەم هێنانی بڕی(1000) مێگاوات ووزەی کارەبای هەیە(چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەمەزان،2017) ، ئەم هەنگاوەش وای کرد کە بڕی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا لەکۆتایەکانی ساڵی 2016 ڕوو لەهەڵکشان بکاتەوە و بڕی وەبەرهێنانی ووزەی کارەبا تیایدا بگاتە(1275000)کیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێکتەرەکانی قەزای ناوەندی هەولێر ، بڕی تەرخانکراو بۆ بەگەڕخستنی(2401) کارگە کە ڕێژەی گەشەی بریتی بووە لە(20.4%) لە سێکتەری پیشەسازی بریتی بوو لە(90000) کیلۆ وات/سەعات لەناوچەی لێکۆلینەوە. واتە بەڕێژەی(7%) ووزەی کارەبا لەکۆی گشتی سێکتەرەکانی قەزای ناوەندی هەولێر تایبەت بوو بە سێکتەری پیشەسازی.

گرنگترین تایبەتمەندیەکانی بڕی ووزەی کارەبای بەرهەم هاتوو تەرخانکراو بۆ کەرتی پیشەسازی لەم دوو خالەی خوارەوە دەخەینە ڕوو :

1- بڕی ووزەی کارەبای بەرهەم هاتوو و بەگەڕخستنی لەسێکتەرەکان بەگشتی وسێکتەری پیشە سازی بەتایبەتی لە قەزای ناوەندی هەولێر لەماوەی نێوان ساڵانی(2012 – 2016) هەڵکشان وداکشانی بەخۆوە بینیوە. بەرزترین ئاستی بەرهەمی ووزەی کارەبای تەرخانکراو بۆ کەرتی پیشەسازی لەساڵی2013 تۆمارکراوە بەبڕی(95000)کیلوات/سەعات ، هۆکارەکەشی بۆ گەشەکردنی بزاڤی ئابووری هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی لێکۆلینەوە بەتایبەتی، ئەم پەرەسەندنە ئابووریەش بووە فاکتەرێك بۆ بنیادنانی وێستگەی تازە وزیاد بوونی یەکەی تری وەبەرهێنانیی ووزەی کارەبا لەسەر وێستگە کۆنەکان ، بێ گومان ئەم کارەش لەئەنجامی بوونی سەرمایە دەبێت هەروەك ئاشکراو ڕوونە کە بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا پێویستی کەڵەکەبوونی سەرمایە هەیە بەهەردوو جۆری سەرمایەی نەختینەی وسەرمایەی بەرهەم هێنراو ئەمەش بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بنیادنان ودروست کردنی وێستگە وتۆری کارەبا وهێلی گواستنەوە ومحاویلەی کارەبا و....هتد(کفایە،2013،ص**10**).

سەرباری ئەمانە بوونی کرێکاری شارەزا وکارامە وپسپۆری ناوەخۆی وبیانی لەبواری بەرهەم هێنانی ووزەی کارەباش ئەمانە پێویستن بۆ پرۆسەی گواستنەو ودابەش کردنی ووزەی کارەبا بەسەر سێکتەرەکان وئەنجامدانی کاروباری کاگێری وتەکنیکی تایبەت بەبەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا،چونکە بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا یەکێکە لەو چالاکیە ئابووریە گەورانەی کەبەبەرزترین ئاست

تەكنۆلۆژیا وتەكنیكی پێشكەوتووی تیادا بەكاردەهێنرێت(علی قاسم ،1986، ص69). بۆ نموونە لەوێستگەی غازی هەولێر لەناوچەی لێكۆلینەوە(15%) دەستی كرێكاری شارەزا بیانیە.(ویستگەی كارەبای غازی هەولێر, بەشی كارگێری , داتای بلاونەكراوە , ساڵی 2017).

2- نزمترین ئاستی لە بڕی بەرهەمی ووزەی كارەبای بەرهەم هـاتوو بـۆ سـێكتەری پیشەسـازی لە قەزای ناوەنـدی هەولێـر لەسـاڵی 2015 تۆماركراوە بەبری(45000) كیلۆ وات/سەعات ، هۆكارەكشی دەگەڕێتەوە بۆ فاكتەرانەی كە پێشووتر ئاماژەمان پێكرد ، یەكێـك لەكـاریگەرترین هۆكـاریش هۆكـاری سیاسـی وناسـەقامگیری نـاوچەكە ودەوروبەری بـوو كە كـاریگەری نەرێنـی كـردە سـەر لایەنـی ئابووری،چونكە بەهۆیەوە بودجەی هەرێمی كوردستان تووشی كورتهێنانی دارایی ونەختینەیی هات ، ونەیتوانی بەشی پێویسـت لە سووتەمەنی بۆ وێستگەی غاز بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی كارەبـا لەنـاوچەی لێكـۆلینەوە دابـین بكات(چـاوپێكەوتن لەگەڵ ئەنـدازیار اسحاق هاویل,2017). دابین نەكردنی سـووتەمەنی كـاریگەری خەراپـی كـردە سـەر بـڕی بەرهەم هێنـانی ووزەی كارەبـا ، هەروەك ئاشـكرایە كە سـووتەمەنی یەكـێكە لەبنەمـا سـەرەكی وكاریگەرەكـانی بەرهەم هێنـانی ووزەی كارەبـا بەهـۆی كـارۆگەرمیەوە (أنـور،2010،ص230). دەبـێ ئەوەش بـزانین كەدابـین كردنـی بەشـیكیش لەكارەبـای پێویسـت بـۆ كـارگە پیشەسـازیەكانی نـاوچەی لێكۆلینەوە بەهۆی ئامێری كارەبای تایبەت(مولیدە ئەهلیەكان) بووە.

**تەوەری دووەم: بڕی ووزەی بەكارهاتوو لەسێكتەری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر**

ووزەی كارەبـا بەكـۆڵەكەی سـەرەكی بەرەو پێشـچوونی ژیـانی مـرۆڤ وشارسـتانیەت دادەنرێـت لەسـەر ڕووی زەویـدا،چونكە هەر لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتیدا مرۆڤ بیری لەبەدەست هێنانی هۆكارەكانی ئێركردنی پێداویستیەكانی ژیان كردۆتەوە، دواتر مرۆڤ توانی سوودێكی زۆری لێوەربگرێت بۆ بەرەو پـێش بردنـی لایەنـی ئـابووری وكـۆمەلایەتی وشارسـتانیەوە(عبدالحمید،1999، ص121) جـگە لەمە بەكارهێنـان وگرنگـی دان بەچـۆنیەتی بەرهەم هێنـانی ووزەی كارەبـا لەهەر هەرێـم و ووڵات وناوچەیەكـدا ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشـكەوتنی ئەو ووڵاتە دەردەخات(توانا،مـاریە،2012، ص 184)، ئەمەش بەهـۆی ئەوەوەیە كە ووزەی كارەبـا بـۆتە هـێمای پێشـكەوتنی ووڵاتـان(علی،1984، ص94)، كەواتە بەكارهێنـانی ووزەی كارەبـا بەكێـك لەبنەمـا وڕەگەزە سـەرەكیەكان دادەنرێت بۆ بەرەو پێشبردنی چالاكیە پیشەسازیە هاوچەرخەكان ، بەمەش هەڵـی كـار بـۆ دانیشـتوانی نـاوچەی لێكـۆلینەوە دابـین دەكات وئاستی داهات بەرێژەیەكی بەرچاو زیاد دەكات(عبدالعزیز،1980، ص332) .

بەگوێرەی ئەو داتاو زانیاریانەی كە لەوەزارەتی كارەبای حكومەتی هەرێمی كوردسـتان هەیە، دەردەكەوێت كە بەكارهێنـانی ووزەی كارەبا و بڕی خواست لەسەر ووزەی كارەبا لەماوەی نێوان ساڵانی(2012-2016) هەڵكشان وداكشانی زۆری بەخـۆیەوە بینیـووە. بـۆ ئاشنابوون بەم ڕاستیانە تێبینی خشتەی ژمارە(3) و(4) دەكەین بۆمان دەردەكەوێت كە ساڵی 2012 بڕی ووزەی كارەبای بەكارهـاتوو لەگشت سێكتەرەكان بریتی بووە لە(850000)كیلۆ وات/سەعات ، لەم بڕەدا(42000) كیلـۆ وات/سـەعات لە سـێكتەری پیشەسـازی لەناوچەی لێكۆلینەوە بەكارهاتووە كە دەكاتە(4.9%) لەكۆی گشـتی ووزەی كارەبـای بەكارهـاتوو لەگشـت سـێكتەرەكاندا. لەهەمـان كاتدا گەر سەیری بڕی خواست لەسەر ووزەی كارەبا لەگشت سێكتەرەكان بكەین لەهەمـان سـاڵدا بریتـی بـووە لە(1200000) كیلـۆ وات/سەعات لەو بڕەشدا(55000) كیلۆ وات/سەعات تایبەت بووە بە سێكتەری پیشەسازی بەمەش ڕێـژەی(4.6%) لەكـۆی خواسـت لەسەر بـڕی ووزەی كارەبـا لەگشـت سـێكتەرەكاندا. لێـرەدا بۆمـان دەردەكەوێـت كە سـاڵی 2012 خواسـت لەسـەر ووزەی كارەبـا لە سێكتەری پیشەسازی دوو هێندەی بەكارهێنان بووە .

لەلایەكی تر ساڵی 2013 بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاكەكەس و گەشـەكردنی دانیشـتوانی نـاوچەی لێكـۆلینەوە خواسـت لەسەر بەكارهێنانی ووزەی كارەبا زیادی كردووە ، هەروەها هەر لەم ساڵەدا ژمارەی كارگە پیشەسازیەكان بەبەراورد لەگەڵ سـاڵانی ڕابردوو بەرێژەی(2.8%) زیـادی كـرد ، هەر بـۆیە بـڕی بەكارهێنـان وخواسـت لەسـەر بەكارهێنـانی ووزەی كارەبـا ڕووی هەڵكشـان كرد(چاوپێكەوتن لەگەڵ زیێر بلال،2017)**.**

هەر بۆیە لەم ساڵەدا بڕی بەكارهێنانی ووزەی كارەبا گەیشتۆتە(3015000) كیلۆ وات/سەعات بـۆ گشـت سـێكتەرەكان، لەم بـڕەدا بڕی بەكارهاتووی ووزەی كارەبا لە سێكتەری پیشەسازی بریتی بوولە(65000) كیلـۆ وات/سـەعات ، بەمەش ڕێژەیـی(2.1%) لەكـۆی گشتی ووزەی كارەبای بەكارهاتوو لەگشت سێكتەرەكان پێك دێنێت. بەڵام كاتێك تێبینی دەكەین بڕی خواست لەهەمان ساڵدا بریتی بووە لە(7437000) كیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێكتەرەكان لە قەزای ناوەندی هەولێـر ، لەم بـڕەدا پشـكی سـێكتەری پیشەسـازی بریتی بووە لە(80000) كیلۆ وات/سەعات ، كە دەكـاتە(1.1%) لەكـۆی بـڕی خواسـت لەسـەر ووزەی كارەبـا لەگشـت سـێكتەرەكانی ناوچەی لێكۆلینەوە, بڕی بەكارهێنان لەسەر ووزەی كارەبا لەگشت سێكتەرەكان لەناوچەی لێكۆلینەوە لە سـاڵی 2014 بەپـێچەوانەی ساڵانی پێش خۆی،چونكە لەم ساڵەدا هەرێمی كوردستان تووشە بارودۆخێكی سیاسی ودارای خراپ بووە هەروەكو پێشتر باسمان

لێوە کرد ، ئەو بارودۆخە نەخوازراوە کاریگەری نەرێنی کردە سەر لایەنی ئابووری وسیاسی وکۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی وناوچەی لێکۆلینەوە بەتایبەتی هەر بۆیە بڕی بەکارهێنانی ووزەی کارەبا لەگشت سێکتەرەکان روویان لەکەمبوونەوە کرد ساڵی 2014 گەیشتە(900000) کیلۆ وات/سەعات ، کەتیادا(42000)کیلۆ وات/سەعات بۆ سیکتەری پیشەسازی بوو کە دەکاتە ڕێژەی(4.7%) لە کۆی ووزەی بەکارهاتوو لەگشت سێکتەرەکانی قەزای ناوەندی هەولێر.


سەرباری ئەوە کاتێك سەیر دەکەین بڕی خواست لەسەر ووزەی کارەبا لەناوچەی لێکۆلینەوە بۆ گشت سێکتەرەکان لەساڵی 2014 بەبەراورد بەساڵانی پێشتر زۆر زیادی کردووە وگەیشتۆتە(1858000) کیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێکتەرەکان ، تیایدا بڕی خواست لەسەر ووزەی کارەبا لە سیکتەری پیشەسازی بریتی بوو لە(55000) کیلۆ وات/سەعات کە دەکاتە(3%) لەکۆی بڕی خواست لەسەر ووزەی کارەبا لەگشت سێکتەرەکان. ئەم زیاد بوونی خواستەش بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە بوو لەوانە بەهۆی خراپی ڕەوشی سیاسی ناوەڕاست وباشووری عێراق ژمارەیەکی زۆری ئاوارە روویان لەناوچەی لێکۆلینەوە کرد بەمەش ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆلینەوە زیادی کرد، هەروەها لەهەمان کاتدا باری دارایی هەرێمی کوردستان تووشی داتەپینێکی ئابووری وقەیران هات ، حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی مووچەی فەرمانبەران و کاربەدەستانی دەوڵەت دابین بکات ، بۆیە هاونیشتمانیانی ناوچەی لێکۆلینەوەش بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپە سیاسی وئابوریەی کەڕووی تێکردبوون نیان دەتوانی باری گوزەرانی خۆیان دابین بکەن و سووتەمەنی پێویست لەوەرزی زستان بۆ گەرمکردنەوە وئامادەکردنی خواردنی ڕۆژانەیان دابین بکەن بۆیە بەناچاری پەنایان دەبرد بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەرمکردنەوە(چاوپێکەوت لەگەڵ نیشتمان،2017).

**خشتەی (3) بری ووزەی کارەبای بەکارهاتوو بۆگشت سێکتەرەکان و سێکتەری پیشەسازی**
**لەقەزایناوەندی هەولێر لەماوەیی ساڵانی (2012-2016) کیلۆ وات /سەعات**

| ساڵ | بری ووزە ی بەکارهاتوولە گشت سێکتەرەکان | بری ووزە ی بەکارهاتوو لە سێکتەری پیشەسازی | % |
|---|---|---|---|
| 2012 | 850000 | 42000 | 4.9 |
| 2013 | 3015000 | 65000 | 2.1 |
| 2014 | 900000 | 42000 | 4.7 |
| 2015 | 700000 | 35000 | 5 |
| 2016 | 1025000 | 75000 | 7.3 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، وەزارەتی کارەبا ، بەرێوەبەرایەتی کاروباری ووزەی کارەبا پارێزگای هەولێر،بەشی پلاندانان ولێکۆلینەوە سالی(2012- 2016)،داتای بلاونەکراوە.

شێوەی (3) بری ووزەی کارەبای بەکارهاتوو بۆگشت سێکتەرەکان و سێکتەری پیشەسازی
لەقەزای ناوەندی هەولێر لەماوەیی ساڵانی (2012-2016) کیلۆ وات /سەعات




سەرچاوە:. کاری توێژەر بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (3)


بڕی بەکارهێنان ووزەی کارەبا لەگشت سێکتەرەکان لەناوچەی لێکۆلینەوە لە ساڵی 2015 گەیشتە(700000) کیلۆ وات/سەعات. بـڕی بەکارهێنان ووزەی کارەبا لە سێکتەری پیشەسازی بریتی بوو لە(35000) کیلۆوات/سەعات کە دەکاتە(5%) لەکـۆی بـڕی بەکارهێنـان لەسەر ووزەی کارەبا لەگشت سێکتەرەکان، بڕی خواست لەسەر ووزەی کارەبا لەگشت سێکتەرەکان لەناوچەی لێکۆلینەوە زیادی کرد بۆ(8078000) کیلۆ وات/سەعات تیایدا بڕی خواسـت لەسـەر ووزەی کارەبـا لە سـێکتەری پیشەسـازی بریتـی بـوو لە(50000) کیلـۆ وات/سەعات، کە دەکاتە(0.6%) بۆ کەرتی پیشەسازی لەکۆی بڕی خواست لەسەر ووزەی کارەبا لەگشت سێکتەرەکان.

**خشتەی (4) بری ووزەی کارەبای خواست بۆگشت سێکتەرەکان و سێکتەری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێرلەماوەیی ساڵانی (2012-2016) کیلۆ وات /سەعات**

| ساڵ | بری ووزە ی خواست بۆ گشت سێکتەرەکان | بری ووزە ی خواست بۆ سێکتەری پیشەسازی | % |
|---|---|---|---|
| **2012** | **1200000** | **55000** | **4.6** |
| **2013** | **7437000** | **80000** | **1.1** |
| **2014** | **1858000** | **55000** | **3** |
| **2015** | **8078000** | **50000** | **0.6** |
| **2016** | **11538000** | **100000** | **0.9** |

سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، وەزارەتی کارەبا ، بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی ناوەندی کارەبای هەرێم هەولێر،بەشی پلاندانان ولێکۆلینەوە سالی(2012- 2016) ، داتای بلاونەکراوە

شێوەی (4) بری ووزەی کارەبای خواست بۆگشت سێکتەرەکان و سێکتەری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر لەماوەیی ساڵانی (2012-2016) کیلۆ وات/سەعات




سەرچاوە:. کاری توێژەر بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (4)

ساڵی 2016 بەبەراورد لەگەڵ ساڵی(2014–2015) تارادەیك ناوچەكانی هەرێمی كوردستان بەگشتی وناوچەی لێکـۆلینەوە بەتـایبەتی بەرەو ئارامی وسەقامگیری سیاسی وئابووری هەنگـاوی نـا. بەمەش بـڕی بەکارهێنـانی ووزەی کارەبـا ڕووی لەزیـاد بـوون کـردووە و گەیشتۆتە(1025000) کیلۆ وات/سەعات لەگشت سێکتەرەکان لەناوچەی لێکۆلینەوە.

بڕی بەکارهێنان ووزەی کارەبا لە سێکتەری پیشەسازی بریتـی بـوو لە(75000) کیلـۆ وات/سـەعات کە دەکـاتە(7.3%) لەکـۆی بـڕی بەکارهێنانی ووزەی کارەبا لەگشت سێکتەرەکانی قەزای ناوەندی هەولێر ، ئەم بـڕەش بەبەراوورد سـاڵانی پێشـوو ئیجگـار زۆرتـرە ، ئەمەش لەئەنجامی دامەزراندنی کارگەیەکی پیشەسازی قەبارە گەورە بەناوی(کارگەی ئاسنی پولێتکس) بـووە ، کە بـۆ بەگەڕخسـتنی پێویستی بەبڕی(25000) کیلۆ وات/سەعات بوو.(چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسحاق ،2017) , بەهەمان شێوە بڕی خواست لەسـەر ووزەی

کارەبا لەگشت سێکتەرەکان لەناوچەی لێکۆلینەوە زیادی کردووە بۆ(11538000) کیلۆ وات/سەعات ، تیایدا بڕی خواست لەسەر ووزەی کارەبا لە سیکتەری پیشەسازی بریتی بوو لە(100000) کیلۆ وات/سەعات کە دەکاتە(0.9%) لەکۆی بڕی خواست لەسەر ووزەی کارەبا لەگشت سێکتەرەکان لەناوچەی لێکۆلینەوە.

**تەوەری سێیەم: هاوسەنگ کردنی نێوان بڕی ووزەی کارەبا بەرهەمهێنان وبەکارهێنان لەکەرتی پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر**

هاوسەنگ کردنی ووزە لەهەر ناوچە و هەرێم و دەوڵەتێکدا لەچوارچێوەی بەراوردکردنی ڕێژەی نێوان بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ووزەی کارەبا دیاری دەکرێت(www.altaakhipress.com). هەر کاتێك بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا لەڕووی هەڵکشان وداکشانەوە هاوشێوەی یەکتری بوون ئەوا لەم کاتەدا ڕێژەکە هاوسەنگ دەردەچێ ، بەڵام بەپێچەوانەوە هەر کاتێك بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا بەبەراورد لەگەڵ بەکارهێنانی ووزەی کارەبا زیاد تر یان کەمتر بوو ئەوا لەم بارەدا ڕیژەکە یان بەموجەب یاخود بەسالب دەردەچێ.(غي كير،1978، ص39).

دیاریکردنی ئەو هاوسەنگیەش لەنێوان بڕی بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا و بڕی بەکارهێنانی ووزەی کارەبا لەهەر ناوچە وهەرێم و وڵاتێك وبۆ هەر گشت سێکتەرەکان بەگشتی وسێکتەری پیشەسازی بەتایبەتی وەستاوە لەسەر بڕی هەر یەك لە خواست وبەرهەمهێنان وبەکارهێنانی ووزەی کارەبا ، سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەو پێوانەیە وەستاوە لەسەر چۆنیەتی بەرهەمهێنانی وبەکارهێنانی ووزەی کارەبا بەپێی پێوەری(کیلۆ وات/سەعات) یاخود(میگاوات/سەعات)(محمد العجيلي، 2012، ص388) .

بەسەرنجدان لەخشتەی ژمارە(5) شێوەی(4) کاتێك بەراوردی نێوان بڕی بەرهەمهێنان وبڕی بەکارهێنانی ووزەی کارەبا لە قەزای ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی(2012–2016) دەکەین دەگەینە ئەم خاڵانەی خوارەوە :

1–-بەرزترین پلە لەبەراوردکاری نێوان بڕی بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا و بڕی بەکارهێنانی ووزەی کارەبا بۆ سێکتەری پیشەسازی لەناوچەی لێکۆلینەوە لەساڵی 2012 تۆمارکراوە. کە بڕەکەی بریتی بووە لە(33000) کیلۆوات/سەعات ، هۆکاری ئەو پلە بەرزیەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی بڕێکی کەم لەووزەی کارەبا بۆ سێکتەری پیشەسازی کە ڕێژەکەی دەگاتە(56%) لە بڕی ووزەی بەرهەمهاتوو بۆ کەرتی پیشەسازی لە قەزای ناوەندی هەولێر لەئەنجامی کەمی ژمارەی کارگەکانی پیشەسازی بەبەراورد ساڵەکانی تر کەبریتی بووە لە(1370) کارگە.


2– دوای هاوسەنگ کردن و بەراوردکاری دەرکەوت کە ساڵی 2013 بڕی ووزەی کارەبای بەکارنەهاتوو بۆ سێکتەری پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر گەیشتۆتە(30000) کیلۆ وات/سەعات ، بەمەش بەبەراورد بەئاستی بەرهەمهێنان وبەکارهێنانی ووزەی کارەبا لە قەزای ناوەندی هەولێر بۆ سێکتەری پیشەسازی لە ساڵانی پێش خۆی پلەی دووەمی وەرگرتووە کە ڕێژەی بەکارهاتوو لەکۆی ووزەی کارەبای بەرهەمهاتوو بۆ سێکتەری پیشەسازی بریتی بووە لە(68.4%) ئەم برە باشتر بووە بەبەراورد ساڵی پێشوو بەهۆی زیادبوونی ژمارەی کارگە بۆ(1511) کارگە بۆ ساڵی 2013.

**خشتەی (5) هاوسەنگ کردن لەنێوان بەرهەمهێنان و بەکارهێنان ووزەی کارەبا لەکەرتی پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر بۆماوەی ساڵانی (2012-2016) کیلۆ وات / سەعات**

| ساڵ | بڕی ووزە ی بەرهەم هاتوو بۆ سێکتەری پیشەسازی | بڕی ووزە ی بەکارهاتوو لە سێکتەری پیشەسازی | بڕی ووزەی جیاواز | % |
|---|---|---|---|---|
| 2012 | 75000 | 42000 | 33000 | 56 |
| 2013 | 95000 | 65000 | 30000 | 68.4 |
| 2014 | 50000 | 42000 | 8000 | 84 |
| 2015 | 45000 | 35000 | 10000 | 77.7 |
| 2016 | 90000 | 75000 | 15000 | 83.3 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : هەمان سەرچاوەی خشتەی (1),(3) .

**شێوەی (5) هاوسەنگ کردن لەنێوان بەرهەم هێنان و بەکارهێنان ووزەی کارەبا لەکەرتی پیشەسازی لەقەزای ناوەندی هەولێر بۆ ماوەی ساڵانی (2012-2016) کیلۆ وات/سەعات**




سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : هەمان سەرچاوەی خشتەی (1) .

3- بەشە کارەبای بەکارنەهاتوو لەسێکتەری پیشەسازی لە قەزای ناوەندی هەولێر لە ساڵی 2016 بەپلەی سێیەمی دێت کە بڕەکەی دەگاتە(15000) کیلۆ وات/سەعات ، ئەم ڕێژەیەش لەئەنجامی پرۆسەی هاوسەنگ کردن وبەراوردکاری لەنێوان بڕی ووزەی بەرهەم هاتوو لەگەڵ بڕی ووزەی بەکارهاتوو بۆ سێکتەری پیشەسازی لەناوچەی لێکۆلینەوە دەست کەوتووە، بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت کە لەم ساڵەدا لە کۆی ووزەی بەرهەم هاتوو(83.3%) بۆ سێکتەری پیشەسازی بەکارهاتووە لەناوچەی لێکۆلینەوە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە گەر سەیری بکەین زۆرترین ژمارە کارگە لەم ساڵە بە ژمارەی(2401) کارگە تۆمارکراوە بەڵام بەشێك زۆری بەرێژەیی(4.5%) لەکاروەستابوون بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابووری وسیاسە ناوچەی لێکۆلینەوە(بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەولێر ,2014,بلاونەکراوە).

4- جیاوازی بڕی ووزەی کارەبای بەرهەم هاتوو و بەکارهاتوو لەسێکتەری پیشەسازی لەناوچەی لێکۆلینەوە بۆ ساڵی 2015 بریتی بووە لە(10000) کیلۆ وات/ سەعات ، بەمەش بەبەراورد لەگەڵ ساڵەکانی تر ڕیز بەندی چوارەمی وەرگرتووە ، کە ڕێژەکەی گەیشتۆتە(77.7%) لەکۆی ووزەی بەرهەم هاتوو کە بەکارهاتووە لە سێکتەری پیشەسازی لەناوچەی لێکۆلینەوە. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە هەمان هۆکاری خالی پێشوو کە ئاماژەی پێکراوە.

5- دوای ئەو پرۆسەی هاوسەنگ کردن وبەراوردکاری بۆمان دەردەکەوێت کە نزمترین بڕی جیاواز لە نێوان بڕی ووزەی بەرهەم هاتوو وبەکارهاتوو لەچالاکی کارگەکانی سێکتەری پیشەسازی لە قەزای ناوەندی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2014 کە بڕەکەی بریتی بوو لە(8000) کیلۆ وات/سەعات ، ئەمەش دەکاتە(84%) لەکۆی ووزەی کارەبای بەرهەم هاتوو کە بۆ سێکتەری پیشەسازی بەکارهاتووە , هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی بڕی ووزەی بەرهەم هاتوو بۆ ئەم ساڵە، ئەمەش بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستان بەگشتی ناوچەی لێکۆلینەوە بەتایبەتی، کەبووە هۆی کەم کوری لەدابین کردنی سووتەمەنی پێویست لەلایەن حکومەت بۆ بەکارخستنی زۆرترین یەکەکانی وێزگە کارەبایەکان , جگە لەمەش لەکاروەستانی بەشێك کارگە پیشەسازیەکان کە ڕێژەیان دەگاتە(6.6%) لەکۆی کارگەکانی قەزای ناوەندی هەولێر.(بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەولێر,2014,بلاونەکراوە)

ئەمانە گەواهی ئەم ڕاستییە دەردەخەن کە لە قەزای ناوەندی هەولێر کارگە پیشەسازییەکان بەپێ پێویست لەووزەی کارەبا بۆ بەگەرخستنی کارگەکان بەکارنەهاتووە , ئەمەش بەڵگەی لاوازی کەرتی ئابووریە.

لێرەدا دەردەکەوێت کەووزەی کارەبا پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە لەگەل کەرتی پیشەسازی لەناوچەی لێکۆلینەوە هەروەکو ئاشکرایە لەرۆژگارێکی وەکو ئەمرۆ هیچ کارگەیکی پیشەسازی نیە بەبێ بوونی ووزەی کارەبا ئەکتیف بێت,هەروەها بوونی ووزەی کارەبا بۆ چالاك کردنی کارگە پیشەسازی تەنها خاڵی کۆتایی نیە بەڵکو بۆ پێشکەوتنی کارگەی پیشەسازی گرنکە لەرووی زیادبوونی بڕی بەرهەم پێویستی بەووزەی کارەبای زیاتر, بۆ نموونە(کارگەی بارز) تایبەت بە ئارد ماوەی کارەبای 12 کاتژمێرە بۆدابین کراوە بڕی

بەرهەمی(24000) تەنە, بەڵام گەر هاتوو بری ئەم کارەبایە زیاد کرا بۆ(24کاتژمێر) ئەوا ئەو کات بری بەرهەمی بۆ دوو هێندە زیاد دەبێت واتە(48000) تەن(چاوپێکەوتن لەگەل عباس,2017).

بۆ سەلماندنی ئەم راستیە پشت دەبستین بە بەهای پەیوەندی نێوان وەبەرهێنانی ووزە و بەهای ژمارەی کارگە پیشەسازییەکان بەپێ جیاوازی سالەکان لە ناوچەی لێکۆلینەوە لەرێگای بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی پەیوەندیداری سپیرمان دەبێت, هاوکۆلکەی پەیوەندیداری سبیرمان (معامل أرتباط سبيرمان Sperman) بەیەکێك لەڕێگاکانی ئاماری دادەنرێت کە بۆ پێوانە کردن لەپەیوەندی نێوان گۆڕاوەیەك , یان زیاتر بەکاردێت , بەهاکەی سنووردار دەکرێ بەپێی ئاماری لەنێوان (1+ـ1-) , هەر چەند ئەنجامەکەی نزیك بێت لە ژمارە(1) پەیوەندی نێوانیان بەهێزە و بە پێچەوانەیەوە.نیشانەی موجەب ( + ) واتە پەیوەندییەکە راستەوانەیە و نیشانەی سالب (-) واتە پەیوەندییەکەی پێچەوانە.(عزام صبری ، 2006، ص255)

لەشیکردنەوی ئارستەکانی هاوکۆڵکەی پەیوەندیداری لەقەزای ناوەندی هەولێر بەروانین لەخشتەی (5) بۆمان دەردەکەوێت بەهێزترین پەیوەندی لەنێوان بەهای بەرهەم هێنانی ووزە بۆ سیکتەری پیشەسازی و بەهای کارگەکانی پیشەسازی لەناوچەی لێکۆلینەوە لەسالەکانی2012 و 2014 بە بەهای(0.359)(0.317) بۆ هەریەکێکیان یەك بەدوای یەك تۆمارکراوە. وە لەسالەکانی 2013 و2015 ئاستی پەیوەندیداری ناوەند تۆمارکراوە لەنێوان بەهای بەرهمهێنانی ووزە بۆ سیکتەری پیشەسازی وە بەهای کارگەکانی پیشەسازی کە بە بەهای(0.258)(0.282) بۆ هەر یەکێکیان یەك دوای یەك. هەروەها لاوازترین ئاستی پەیوەندیداری لەم سالانەی توێژینەوەکەمان لەسالی 2016 تۆمارکراوە بەهای(0.233) ئەمە لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکرێ ئەویش ئەو راستیيە کە هاوکۆڵکەی پەیوەندیداری (معامل أرتباط) بەپێ جیاوازی سالەکان لەقەزای ناوەندی هەولێر پەیوەندیەکی راستەوانیە , واتە هەرچەند بری بەرهەمهێنانی ووزە بۆ سیکتەری پیشەسازی زیاتر بیت ئەوە ژمارەو ئەکتیف بوون وە بری بەرهەمی کارگە پیشەسازییەکان زیاتر دەبێت و بەپێچەوانەوەش .


**خشتەی (6) بەهای پەیوەندی ئاماری (Spearman Coefficient) لەنێوان بری بەهای ووزەی بەرهەم هاتوو بۆ سێکتەری پیشەسازی و کارگەی پیشەسازیەکانی قەزای ناوەندی هەولێر**

| سال | بەهای بری بەرهەهێنراوە ووزەی کارەبا | بەهای ژمارەی کارگەکان | بەهای پەیوندیدار (قيمة الارتباط R) |
|---|---|---|---|
| 2012 | 0.002 | 0.001 | 0.359 |
| 2013 | 0.017 | 0.015 | 0.258 |
| 2014 | 0.028 | 0.002 | 0.317 |
| 2015 | 0.000 | 0.007 | 0.282 |
| 2016 | 0.002 | 0.028 | 0.233 |

سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : خشتەی (1) و (2)

بە بەکارهێنانی پرۆگرامی شیکردنەوەی ئاماری(التحيل الاحصائي) 18.5SPSS .V

شێوەی (6) بەهای پەیوەندی ئاماری (Spearman Coefficient) لەنێوان بری بەهای ووزەی بەرهەم هاتووبۆ سێکتەری پیشەسازی و کارگەی پیشەسازیەکانی قەزای ناوەندی هەولێر




سەرچاوە : کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : خشتەی (5)

**دەرئەنجام :**

لە ژێر ڕۆشنای ئەم لێکۆلینەوە گەیشتینە چەند ئەنجامێك کە لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

1- زۆرترین بڕی ووزەی کارەبای بەرهەم هاتوو لە قەزای ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی 2013 تۆمارکراوە کە بڕەکەی گەیشتۆتە(3115000) کیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێکتەرەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە کەتیایدا بڕی(95000) کیلۆ وات/سەعات بۆ سێکتەری پیشەسازی تەرخانکراوە ئەمەش بەرێژەیی(3.1 %)، لەم ساڵە دا بەبەراود لەگەڵ ساڵەکانی تر بارودۆخی سیاسی وئابووری لەبارێکی گونجاو پێشکەوتوو دابوو ، بەڵام کەمترین بڕی ووزەی کارەبای بەرهەم هاتوو لە قەزای ناوەندی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی2015 کە بڕەکەی بریتی بوو لە(729000) کیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێکتەرەکان ، کەتیایدا بڕی تەرخانکراو بۆ سێکتەری پیشەسازی بریتی بوو لە(45000) کیلۆ وات/سەعات ئەمەش بەرێژەیی(6.2%) کۆی سێکتەرەکانی پێکهێناوە.

2- بەرزترین ئاست لەبەشە کارەبای بەکارهاتوو لە قەزای ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی 2013 بوو کە بڕەکەی گەیشتە (3015000) کیلۆ وات/سەعات ، بۆ گشت سێکتەرەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە ، بەڵام بڕی ووزەی بەکارهاتوو بۆ سێکتەری پیشەسازی بەرزترین ئاستی لەساڵی 2016 تۆمارکراوە بەبڕی(65000) کیلۆ وات/سەعات کە رێژەکەی دەگاتە(2.1%) ، بەهۆی بوونی زۆرترین ژمارەی کارگە بەبەراورد ساڵەکانی پێشوو بریتیبە بوو لە(2401) کارگە. نزمترین ئاستیش لەساڵی 2015 بەبڕی(700000) کیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێکتەرەکانی قەزای ناوەندی هەولێر کە تیادا(35000) کیلۆ وات/سەعات بۆ سیکتەری پیشەسازی کە بەرێژەیی(5%) .

3- زۆرترین خواستی بەکاربردنی ووزەی کارەبا لە قەزای ناوەندی هەولێر لەساڵی 2016 بوو بەبڕی(11538000) کیلۆ وات/سەعات بۆ گشت سێکتەرەکان ، تیادا(100000) کیلۆ وات/سەعات بۆ سێکتەری پیشەسازی کە بەرێژەیی(0.9%). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆلینەوە کە بەهۆی ئەو لێشاوەی ئاوارەکانی ناوەڕاست وخوارووی عێراق بوو بۆ ناوچەکانی کوردستان بەگشتی وناوچەی لێکۆلینەوە بەتایبەتی ، هەروەها لەم ساڵەدا بوژانەوەیەکی ئابووری تارادەیەك ناوچەی لێکۆلینەوەی گرتەوە لەوانە گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بەگەر کەوتنەوەی چەندین کارگە کەپێشتر بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی وئابووری کوردستان لەکارکەوتبوون.

4- لەئەنجامی هاوسەنگ کردنی بڕی ووزەی کارەبای بەرهەم هاتوو وبەکارهاتوو لەناوچەی لێکۆلینەوە بۆ سێکتەری پیشەسازی بەرزترین جیاوازی لەنێوان بەرهەم هێنان وبەکارهێنانی ووزەی کارەبا لەساڵی 2012 بەبڕی(33000) کیلۆ وات/سەعات لە سێکتەری پیشەسازی تۆمارکراوە کەتێکرای رێژەکەی دەگاتە(56%) ، نزمترین هاوسەنگیش لەساڵی 2014 بەبڕی(8000) کیلۆ وات/سەعات لە سێکتەری پیشەسازی تۆمارکراوە کە بە تێکرایی رێژەی(83.3%) لەقەزای ناوەندی هەولێر .

5 - لەکۆتایی توێژینەوەکە بەبەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندیداری(معامل ارتباط) لەقەزای ناوەندی هەولێر دەرکەوتووە بەهێزترین هاوکۆلکەی پەیوەندیداری لەساڵەکانی 2012 و 2014 بە بەهای(0.359)(0.317) بۆ هەریەکێکیان تۆمارکراوە , وە هاوکۆلکەی پەیوەندیداری ئاستی ناوەند لەساڵەکانی 2013 و2015 بە بەهای (0.258)(0.282) بۆ هەر یەکێکیان تۆمارکراوە , نزمترین ئاستی پەیوەندیداری لەسالی 2016 بەبەهای(0.233) لەقەزای ناوەندی هەولێر تۆمارکراوە .

**ڕاسپاردەکان**

1- بەهۆی زیاد بوونی بڕی بەکارهێنانی ووزەی کارەبا بۆ سێکتەری پیشەسازی پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بکات بەنۆژەنکردنەوە وتازەکردنەوەی بەردەوامی یەکەکانی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا لە گشت یەکەکانی سێتەری پیشەسازی , وە زیادکردنی بڕی ووزەی کارەبا بۆ سێکتەری پێشەسازی بەهۆی ئەوەی کە پێشەسازی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەبەرەو پێشبردن وبوژاندنەوەی ئابووری وولات..

2- دەبێ سوود وەربگیرێت لەتوانا وشارەزای کەسانی پسپۆری ناوەخۆی وبیانی وکردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ئەو کەسانەی کە لەبواری بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا کاردەکەن بۆئەوەی بتوانن بەبەرزترین ئاستی تەکنۆلۆجیا ووزەی کارەبا بەرهەم بهێنن.

3- پێویستە حکومەتی هەرێم بیر لە دامەزراندنی وێستگەی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا بکاتەوە بە سەرچاوەی تر واتە تەنها پشت نەبەستێ بەتاك ڕێگا بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا.

4 – دەبێ حکومەتی هەرێم هانی وەبەرهێنەرەکان بدات و کارئاسانی زیاتر یان بۆ بکات بەپێشکەش کردنی زەوی و دابین کردنی بنەماکانی بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا بەگشتی وپێدانی بڕی سووتەمەنی پێویست بەنرخێکی هەرزان بۆ ئەوەی بتوانن بڕێکی زۆری ووزەی کارەبا بەرهەم بهێنن..

5- پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بەدەرچوانی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی کارەبا لەزانکۆکانی ناوچەی لێکۆلینەوە بەئەنجامدانی توێژینەوەی ئەکادیمی لەپێناو زیاد کردنی تواناو شارەزای و زیاد کردنی بڕی بەرهەمر هێنان و ڕزگار بوون لەکێشەی کەمی پسپۆری شارەزا لەبواری کارەبا .

6- کەمکردنەوەی ونەهێشتنی بەهەدەردانی کارەبا لەلایەن دامر ودەزگاکانی حکومی لەلایەك وهاوڵاتیان لەلایەکی تر،چونکە دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی بڕی ووزەی بەرهەمر هاتوو و کاریگەری نەرێنی دەگاتە سەر ئەو بڕە کارەبای کە تەرخانکراوە بۆ سێکتەرەکانی تر بەگشتی وسێکتەری پیشەسازی بەتایبەتی ، هەروەها نەهێشتنی و ڕێگری کردن لە دیاردەی لەرێ لادان(تەجاوز) و دزینی ووزەی کارەبا بەبێ هیچ بەرامبەرێك ، ئەمەش وادەکات بڕی ووزەی بەرهەمر هاتوو کەمتر بۆ سێکتەری پیشەسازی بەکاربێت .

## سەرچاوەکان


**یەکەمر : بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە حکومیەکان**

- **بڵاوکراوەکان**

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێمر ، بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکانی هەرێمر ، بەشی ئاماری دانیشتوان .

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێمر ، بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکانی هەرێمر ، بەشی gis .

3- ( ویستگەی کارەبای غازی هەولێر, بەشی کارگێری , داتای بلاونەکراوە , ساڵی 2017)

**- بڵاونەکراوەکان**

4- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی کارەبا ، بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆلی ناوەندی کارەبای هەرێمر ، بەشی پلان دانان ولێکۆلینەوە، (داتای و زانیاری بلاونەکراوە) .

5- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی کارەبا ، بەرێوەبەرایەتی کاروباری ووزەی کارەبا پارێزگای هەولێر ، بەشی کۆمپیوتەر .

6- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی ، بەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەولێر ، بەشی پلان دانان .

**دووەمر : کتێب**

**عەرەبی**

7- ابراهيم احمد النعيمي ،**جغرافية الاقتصادية** ، مطبعة دار الكتب والنشر السلام ، بيروت، 1982.

8- عبدالحميد سامي الموسوي ، **الانتاج والاستهلاك الطاقة الكهربائية** ، مطبعة الميناء للنشر والتوزيع ، الاردن ، .1999

9- علي محمد الكعب، الطاقة الكهربائية وفوائيدها ، دار النور للطبع ، الكويت ، .1984

10- غي كير ، ترجمة جواد محمد على الحكيم ، **التخطيط الاقتصادي** ، مطبعة الجامعة المستنصرية ، بغداد ،.1978

11- محمد ازهر السماك ،عباس على التميمي ، **أسس جغرافية الصناعة وتطبيقاتها** ، دار السلام ، بغداد ، .1996

12- محمد صالح ربيع العجلي ، **المصطلحات والمفاهيم والجغرافية** ، المجلد الثاني ، الطبعة الاولى ، دار صفاء للنشر والتوزيع ، عمان ، .2012

13- عزام عبدالرحمن صبرى , **الاحصاء في التربية ونظام spss ,** الطبعة الآولى , عالمى الكتب الحديث للنشر والتوزيع ، عمان , 2006 .

**کوردی**

14- بونیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، **ژێرخانی کۆمەڵایەتی وئابووری ،** ڕاپۆرتی هاوبەشی وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، **بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان** (UNDP) ، کانونی دووەمر 2012.

**سێیەمر / نامەو تیزە زانکۆییەکان**

15- عبدالعزيز محمد حبيب ، **الطاقة الكهربائية والتمنية في العراق ،** اطروحه دكتوراه ، جامعة بغداد ، كلية الاداب ، .1980

16- علي قاسم العقيبي ، **دراسة تحليل مؤشرات استخدام الطاقة الكهربائية في محافظة البصرة** ، رسالة ماجستير ، جامعة البصرة ، كلية الادراة والاقتصاد ، الاقتصاد،1986.

17- هيثم كاظم دواح القريشي ، **صناعة الطاقة لكهربائية في محافظة بغداد** ، رسالة ماجستير ، جامعة بغداد ، كلية الادراة والاقتصاد ، الاقتصاد،2009.

**کوردی**

18 - عبداللە جلال حمە نوری ، جیاوازی شوێنی پێداویستیبوون بە هەواسازکردن و کاریگەری لەبەکاربردنی ووزەی کارەبا لەپارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر,زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ، کۆلێژی ئەدەبیات,هەولێر، 2016.

**چوارەمر :گۆڤار**

**عەرەبی**

19- انور سالم رمضان ، تحليل جغرافي لتباين توزيع الطاقة الكهربائية في محافظة ذى قار ، مجلة ابحاث ميسان المجلد العاشر ، العدد19، السنة .2013

20- عبدالزهرة الجنابي وسلمى عبدالرزاق و مياسة عباس الرفاعي ، **استهلاك الطاقة الكهربائية في محافظة بابل** ، مجلة البحوث الجغرافية ، العدد 19، 2010.

21- كفاية عبدالله العلي ، **صناعة انتاج الطاقة الكهربائية في محافظة البصرة** ، مجلة ابحاث ميسان ، المجلد التاسع ، العدد18، السنة 2013.

**کوردی**

22- توانا فاضل صالح ، ماريه حمد عزيز ، **دور السياسات الاقتصادية المتبعة في ترشيد استهلاك الطاقة الكهربائية في مدينة أربيل** ، گۆڤاری زانكۆ ، ژمارە56، زانكۆی سەڵاحەددین ، هەولێر،2013.

**پێنجەم : چاوپێكەوتن**

23- ئەندازیار ئیسحاق هاويل ساكا ، بەرپرسی پلان دانان ولێكۆلینەوە لەبەرێوەبەرایەتی كۆنترۆلی ناوەندی كارەبای هەرێم ، رێكەوتی 2017./6/12

24- ئەندازیار أناس عباس صالح ، بەرێوەبەری كارێكری وێستگەی غازی هەولێر، رێكەوتی 2017./7/10

25- جوتیار حەسەن رەسول ، بەرپرسی بەشی هونەری لەبەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەولێر، رێكەوتی 2017./7/1

26- زوبێر بیلال ئەحمەد ، بەرپرسی بەشی هونەری لەوەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی ، بەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەولێر ، رێكەوتی 2017./7/12

27- ئەندازیار علی أسماعيل عبدالغنی ، بەرپرسی بەشی كومپیوتەر, لەبەرێوەبەرایەتی كاروباری ووزەی كارەبا ، رێكەوتی 2017./6/15

28- عباس همزه عباس ، خاوەنی كارگەی باز ، رێكەوتی 2017./7/15

29- ئەندازیار محمد عبدالله فرج ، بەرپرسی بەگەرخستن لە, لەبەرێوەبەرایەتی كۆنترۆلی ناوەندی كارەبای هەرێم ، رێكەوتی 2017./6/14

30- ئەندازیار رەمەزان محمد ، بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی كۆنترۆلی ناوەندی كارەبای هەرێم ، رێكەوتی 2017./6/14

21- ئەندازیار نیشتمان اكرم عزيز ، بەشی كومپیوتەر, لەبەرێوەبەرایەتی كۆنترۆلی ناوەندی كارەبای هەرێم ، رێكەوتی 2017/7/18.

شەشەم: سایتی ئەلكترۆنی

32- سایتی ئةلكترؤنى .www.albabelyia.net

33 - سایتی ئةلكترؤنى www.altaakhipress.com

## تحليل جغرافي لانتاج الطاقة الكهربائية واستهلاكه في مجال الصناعة في قضاء مركز أربيل

## (دراسة في جغرافية الطاقة)

### ملخص

هـذا الموضـوع عبـارة عـن تحليـل جغـرافي لانتـاج الطاقـة الكهربائيـة واسـتهلاكه في مجـال الصـناعة ، فيهـا نتحـدث عـن مسـتوى انتـاج واسـتهلاك الطاقـة الكهربائيـة في مجـال الصـناعة في قضـاء مركـز أربيـل للفـترة (2012-2016). وتـم دراسـة التـوازن بـين كميـة انتـاج الطاقـة الكهربائيـة واسـتهلاكها في القطـاع الصـناعي في منطقـة الدراسـة. لان الطاقـة الكهربائيـة هـي احـدى المصـادر المهمـة والرئيسـية لخدمـة عمليـة التقـدم وتنميـة القطـاع الاقتصـادي وبـالاخص القطـاع الصـناعي ، مـن خلالهـا تطـوير التخطـيط الاقتصـادي والاجتماعـي وتنفيـذها بـاعلى مسـتوى . عـلى الـرغم مـن ذلـك القطـاع الصـناعي يعتـبر احـدى القطـاع الاقتصـادية الهامـة . والـذي يـؤثر عـلى تطـور وتقـدم النشـاط الاقتصـادي ورفـع المسـتوى المعيشي في المجتمع .

هـذه الدراسـة يتكـون مـن مقدمـة وثـلاث محـور . المحـور الاول : يتحـدث عـن اوضـاع الانتـاج واسـتهلاك الطاقـة الكهربائيـة في مجـال الصـناعة في قضـاء مركـز أربيـل.المحور الثـاني : يسـلط الضـوء عـلى كميـة اسـتهلاك الطاقـة الكهربائيـة في مجـال الصـناعة في قضـاء مركـز أربيـل. المحـور الثالث خصص لدراسة التوازن بين كمية انتاج الطاقة الكهربائية واستهلاكه في مجال الصناعة في قضاء مركز أربيل .

**Geographical analysis of the production and use of electrical energy in the industrial sector in the Erbil center district**

**(Study in the geography of energy)**

**Abstract**

This topic is a geographical analysis to producing electrical energy and using in the industry sector in the Erbil center district .

In the research the electrical energy production and usage in the industry sector in Erbil center district during (2012-2016) will be discussed . Then, the balancing of the quantity of the electrical's energy production and using it in the industry in the research's area has been appeared. It because the electrical energy is one of the main and important sources which has more benefits on the development and expansion of economic sectors generally, and industry's sector, which is underneath that the economic and social development plan is going to high level. Moreover the industry's sector is counting as one of the significant economic sectors. However it has influence on the development the economic activity and growing the population's life level . Generally the research consist of an introduction and three chapters .

In the first chapter we will talk about the situation of producing the electrical energy in the industry sector in the Erbil center district .

In the second chapter , we will point on the quantity of using the electrical in the industry sector in the Erbil center district . The third chapter is put to show the balance between the quantity of producing and usage of electrical energy in the industry sector in the Erbil center district.